# گۆشەیەکە (کامەران سوبحان) دوو هەفتە جارێك
# لە ئەدەب و هونەریی کوردستانی نویٚ دەینوسێت

## فرۆشتنی بلیت



لە گۆشەی ڕابردومدا لە سەر کۆنفرانسی شانۆکارانی کورد لە ئەوروپا ژمارەیەکی زۆر ئیمێلٚ و سەرنجم لە سەر ئەو باسە بۆ هات، لەو سەرنجانەوە ئەوەم خوێندەوە کە بێگومان کاری هونەریی لەولآتی ئێمەدا شەڕکردنێکی بەردەوامە لەگەلٚ مەحالٚ، چونکە تا هەنوکە ئەم کارەی ئێمە کە خۆمانی پێوە خەریك دەکەین، جۆرێکە لەگەمەیەکی سیزیفیانە و تا دواهەناسەش ئەم گەمەیە بەردەوام دەبێت، چونکە ئەو گرفتەی کە شانۆکاران دەیانەوێت لەدەرەوەی ولآت کۆنفرانسی بۆ ببەستن هیچی کەمتر نیە لەو گرفتانەی کە ئێمە لەناوەوەی ولآتەوە گیرۆدەین بەدەستیەوە، لەوانە ( گرفتی ئیداری، نەبونی فەنت بۆ کاری شانۆیی، نەبونی هۆلٚ، بیٚ بەهایی هونەرو شانۆ لە کلتور وبیرکردنەوەی دەسەلآت و کارەکتەرەکانی ئەم ولآتەو....هتد)..

من بۆخۆم لە ماوەی ئەو 20 گۆشەیەی (سێبەردا) کەم تازۆر هەڵوێستەم لەسەر یەکە بەیەکەی ئەو گرفتانە کردووە، بەلآم گۆشەی ئەم جارەش درێژە پێدانی ئەو گرفتانەیە کە تاهەنوکە لە شانۆیی ئێمەدا بونی هەیەو بوەتە بەشێك لەبنەماکانی، کە ئەویش گرفتی نەبونی داهاتی نمایشە.

پێم وایە یەکێك لەو مافە سەرەتاییانەی کە پێویستە شانۆکاردەستیبکەوێت داهاتی فرۆشتنی بلیتی نمایشە..

باوەڕناکەم لەهیچ شوێنێکی سەر گۆی ئەم زەوییەدا بینینی نمایشێکی شانۆیی بەخۆڕایی بێت، تەنها لە ولآتی ئێمەدا نەبێت!! ئەم حاڵەتەش ڕەنگە لای زۆر کەس بەهایەکی ئەوتۆی نەبێت، بەلآم من بۆخۆم بە گرفتێکی گەورەی ئەمڕۆی بزوتنەوەی شانۆیی دەبینم، من سەرەتایترین تەفسیری ئەم حاڵەتەش دەگەڕێنمەوە بۆ بیرکردنەوەو تێڕوانینی تاکی ئەم کۆمەڵگەیە، کە ڕەنگە تاهەنوکە شانۆ نەبوبێتە بەشێك لە پێداوییستیەکانی ژیانی ئەو، گە ربەشێك لەم گرفتە بکەوێتە سەر جۆری حکومڕانی دەسەلآت و تێڕوانینی ئەوان بۆ هونەرو بەرهەمە کلتورییەکان، ئەوا بەشێکی تری دەکەوێتە سەر ئەو کەسانەی کە بەم کارەوە خەریکن و تاهەنوکە نەیانتوانیوە ڕووە ئیستاتیکیەی ئەم هونەرە نمایش بکەن، (جگە لە چەند هەوڵێکی کەم نەبێت)، هەر لەبەر ئەوەشە زۆر جار ئەم هونەرە تەنها بۆ گاڵتەو گەپ و کات بەسەر بردن بەکارهاتووە، بۆیە لە ژیانی ڕۆژانەشماندا هۆکاری زۆر کاریگەرتر لەشانۆ هەیە بۆ کات بەسەر بردن، ئیدی بۆچی هاولآتیەك کاتی خۆی لەگەلٚ ئەم هونەردا بکوژێت!

گەر تا ئێستا فرۆشتنی بلیت لە ولآتی ئێمەدا نەبوەتە نەرێتێك ئەوا پێویستە لەمڕۆوە شانۆکاران هەوڵی جدی بدەن بۆ هۆشیار کردنەوەی بینەر بەوەی لەتێڕوانینیدا ئەو حاڵەتە دروستبکرێت کە شانۆ بەهایەکی گرنگی گەردوونی هەیەو واشی لێبکرێت کە ئەودێتە هۆڵێکەوە بزانێت پارەیەکی داوە تا بتوانێت سەیری نمایشێك بکات، بەمەش جارێکی تر حورمەت بۆ ئەو ئەکتەرو دەرهێنەرانە دەگەڕێتەوە کە ڕۆژانە لە ناو هۆڵەکانی پڕۆڤەدا سەرقاڵی ڕاهێنانن بۆبەرهەمهێنانی نمایشێك کە بتوانێت لانی کەم دەسکەوتی ئەو ماوەیەی بێت کە کاری تایبەتی تێدانەکردووەو خۆی بۆ شانۆ تەرخانکردووە، ئەم حاڵەتەش وا لەشانۆکار دەکات نەکەوێتە دەست پانکردنەوەو وەسلٚ تەزویرکردن بۆ ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری پیٚ بخڵەتێنێت!

kameransubhan@yahoo.com